# جووت وشەی دژ واتا و ڕەنگدانەوەیان لە پەندی پێشینانی کوردیدا

کەریم شارەزا



وشەی دژ واتا Antonym بەم جۆرە وشانە دەگوترێ کە لە واتادا بەرامبەر بەکار وەستاون، ئەمەش دوو جۆری هەیە:

أ- یان ئەوەتا دژایەتی واتاکەیان لەنێوان دوو وشەی ڕەگ جیاواز بێ(١) وەک دۆست: دوژمن. هەروەک لەم پەندەدا دەردەکەون:

(دۆست ئەوەیە ئەم گریێنێ، دوژمن ئەوەیە ئەم کەنێنێ(٢) یاخود (دوژمنی ئاقل چێترە ژ دۆستی بێ ئەقل)(٣).

ب- یاخود ئەوەتا دژایەتی واتاکەیان لەنێوان دوو وشەی یەک ڕەگ بێ، وەک (مەرد، نامەرد) یاخود (دانا: نادان) هەروەک لەم پەندانەدا هاتوون: (نانی مەرد لە سکی نامەرد نامێنێ(٤)) یان (ببە میهڤان فەقیری مەرد، نە بە میهڤانی زەنگینی نامەرد)(٥). هەروەها (دانا

بەدركاندن، نادان بە كوتەک)(٦) یان (دوژمنی دانا چێترە ژ دوستی نادانا)(٧).
لێرەدا بەپێی مەبەستی باسەكەم بەدوای ئەو جۆرە وشانە دەكەوم، كە دژایەتییان لە واتادا هەیە و بەپێی توانا لێیانەوە دەدوێم و بەپێی لێكۆڵینەوەی هەندێ پسپۆڕی زمانی كوردی، دژایەتی لە واتای وشەدا هەر لە جۆری پێچەوانەییدا دەرناكەوێ، بەڵكو لە چەند جۆری جیاوازدا دەردەكەوێ وەكو ئەمانەی خوارەوە:
**١- جیاوازیی.**
**٢- پێچەوانەیی.**
**٣- تەواوكەریی.**
**١- جۆری جیاوازیی:**
ئەم جۆرە پەیوەندییەی دژایەتی واتا، لە بەراورد كردنی هەندێ وشەی وەكو
(نێر) و (مێ) و (پیاو) و (ژن)دا دەردەكەوێ، كە ڕەتكردنەوەی یەكێكیان پەسندكردنی ئەوی دیكەیانە. یاخود پەسەندنەكردنی یەكەمیان ڕەتكردنەوەی دووەمیانە. بۆ نموونە:
ئەگەر گوتمان (ئازاد پیاوە) مانای ئەوەیە (ئازاد ژن نییە) و هیچ پلەیەک لەنێوان (پیاو) و (ژن) یاخود (نێر) و (مێ)دا نییە و ناگوترێ فلان كەس (نێرترە) یان (مێترە) و هەر دەگوترێ (نێر)ە یان (مێ)یەو، هەریەكەیان جەمسەرێک دەگرن، لەوەی لەم جەمسەرەدا نەبێت دەبێ لە جەمسەرەكەی تر بێت(٨) و ئەم جۆرە پەیوەندییەی دژایەتی لە واتای وشەدا بەم چەشنە خۆی لە پەندی پێشینانی كوردیدا نواندووە:
**١- نێرو مێ:**
نێرو مێ دوو توخمی جیاوازن لە گیانداران و هەریەكەیان ئەركێكی جنسی تایبەتی هەیە. پێشینان بەم جۆرە لە پەندیاندا بەكارهێناوە و گوتویانە: (شێر كە لە پێشە دەرپەڕی چ نێر بێ و چ مێ (٩) مەبەستی پەندەكەش ئەوەیە كە ئادەمیزاد هاتە مەیدانی ژیان و كاركردن، ئەوا چ جیاوازییەک لەنێوانی نێرو مێدا نییە و ئەم پەندە لە دەڤەری بۆتاندا بەم جۆرە دەگوترێ و لە جیاتی (نێر) (پیاو) (مێر) بەكاردێ و لەجیاتی (مێ)یش (ژن) و دەگوترێ (شێر شێرە چ ژنە چ مێرە)(١٠).
**٢- ژن و پیاو**
ئەم دوو ناوە نموونەی (مێ) و (نێر)ی ئادەمیزادن، هەریەكەیان جەمسەرێک لە (ژنایەتی) و (پیاوەتی) دەگرن و ئەم جووت وشەیە جیاوازییان لەگەڵ جووت وشەی (ژن) و (مێرد)دا هەیە، چونكە ئەمانەی دوایی پەیوەندیی دژایەتی واتایان جۆرێكی دیكەیە و پێی دەگوترێ (پەیوەندیی تەواوكەریی) كە لە دواییدا دێمە سەری. بەڵام لێرەدا بەپێی پۆلینكردنەكە لەسەر جووت وشەكەی (ژن، ئافرەت) و (پیاو) نموونە لە پەندی پێشینانیدا دێنمەوە كە دەگوترێ: (ژن بەبێ كەس هار ئەبێ، پیاو بەبێ كەسی هەژار دەبێ(١١)) و لەبارەی شەرم كردنیشییەوە، شەرمنی كراوە بەپێوانەی ڕەوشت باشی ئافرەت و بێ دەستەڵاتی پیاوو گوتراوە:
(ئافرەتی شەرمن شارێک دێنێ، پیاوی شەرمن بزنێک)(٢) یاخود دەگوترێ (ژنا شەرمن ب شارەكی، مێری شەرمن ب كارەكی) بۆ نیشانەی (پیاوەتی) و (ژنایەتی)یش ئەم پەندەی خوارەوە گوتراوە:
(زەلام بەموویا، ژن بەروویا)(١٢) واتە: پیاو بەسەرو ریش و ئافرەتیش بە ڕەنگ و ڕوویانەوە جوانن.
**٣- كچ و كوڕ:**
پەیوەندی دژایەتی لە واتای كچ و كوڕدا پەیوەندییەكی جیاوازییە، هەروەک پەیوەندیی

جیاوازیی (نێرومێ) و (ئافرەت: ژن و پیاو)ە. پێشینان لە بارەی ئەم جووت ناوەوە گوتوویانە: (کوڕ تالآن گێڕەوەیە، کچ تالآن بەرە)(١٤) مەبەستی ئەوەیە کوڕ کە ژن دێنێ ماڵی ژنەکەیشی دێنێ ماڵی ژنەکەیشی بۆ دێ کەچی کاتی کچ شوو دەکات ماڵی باوکی تالآن دەکات و بۆ ماڵی مێردەکەی دەبات. یاخود دەگوترێ (کچی خۆت مەکە بە قوربان کوڕی خەڵق)(١٥) مەبەستی لەوەیە پیاو دەبێ بەرژەوەند و پاشەڕۆژی کچی خۆی لەکاتی بەشوودانیدا بزانێ و نەیداتە کوڕێکی خراپ، تاکو نەبێ بە قوربانی کوڕی خەڵکی. هەر ئەم پەندە لە دەڤەری بادیناندا بەم جۆرە دەگوترێ (کەسێ کچا خۆ نەدایە ب کوڕێ خەڵکێ)(١٦). لە هەندێ ناوچەشدا لە جیاتی وشەی (کچ) وشەی (کیژ) بەکاردێ و دەگوترێ (کیژ ماڵی خەڵکینە، کوڕ گۆیێ زێڕینە)(١٧)

**٤- دنیاو قیامەت**

ئەم دوو ناوە دژ واتایەم لە بواری ئایین و مسیۆلۆژیاوە وەرگرتووە، بیرو لێکدانەوەی مرۆڤ بۆ دنیای ژیان و قیامەتی دوای مردنمان دەبەن. پێشینانمان گەلێک پەندی کوردییان لە بارەیانەوە بۆ بەجێهێشتووین، وەکو ئەمانەی خوارەوە:

(ئەمڕۆ دنیایە و سبەی قیامەت(١٨). یاخود دەگوترێ: (دنیا بەدرۆ، قیامەت بەڕاست(١٩) هەندێ جاریش دەگوترێ. (دنیا نموونەی قیامەتە)(٢٠) هەندێ جاری دیکەش دەگوترێ: (دنیا وارە، ئاخیرەت ماڵە)(٢١) دەبینین لە پەندی دواییدا لە جیاتی (قیامەت) ئاخیرەت بەکارهاتووە، کە هەمان مەبەست دەگەیەنێ. مەبەستی پەندەکەش ئەوەیە کە دنیا وەک هەوارێکی کاتییە و ئادەمیزاد بۆ ماوەیەکی کەم تێیدا دەژی، بەڵام قیامەت ماڵی هەمیشەیی مرۆڤە. بۆ مەسەلەی درۆو درۆزنیش دەگوترێ: (درۆزن روو رەشی دنیا و قیامەتە!(٢٢)).

**٥- بەهەشت و دۆزەخ (جەهەنەم):**

دوو زاراوەی دژ بەیەکی ئایینین. بەهەشت پاداشتی چاکەی ئیماندارانە و، دۆزەخیش جێی سزادانی گوناهبارانە. پێشینان گەلێک پەندی بەنرخیان لەسەر ئەم وشانە بۆ بەجێهشتووین و گووتویانە:

(لام خۆشە لە دۆزەخابم بەسەربەست، نەک لە بەهەشتابم بەژێر دەست)(٢٣).

ئەم پەندە هەرچەندە باسی دۆزەخ و بەهەشت دەکات، بەڵام بڕبڕەی پشتی مەبەستەکەی مەسەلەی سەربەستی و ژێر دەستی مرۆڤە، کە چۆن ئادەمیزادی هۆشیار حەز دەکات سەربەست بێ لە ژیانیدا و بام بخرێتە دۆزەخیشەوە، نەک لەناو بەهەشتدا بەژێر دەستی بژی. هەروەها پێشینان گوتوویانە:

(جەهنەما ب هەڤاڵ، خۆشترە ژ بەهەشتا بێ هەڤاڵ)(٢٤) ئەم پەندەش نرخی دۆست و هاوڕێ دەردەخات بەوەی کە مرۆڤ حەز دەکات لە دۆزەخدا بێ و هەڤاڵی دڵسۆزی هەبێ، نەک لە بەهەشتدا بێ هەڤاڵ بژی.

**٦- پەری و دێو:**

پەری نموونەی چاکە و خێرخوازییە و دێویش نموونەی شەڕو خراپەکارییە لە ئایین و مسیۆلۆژیادا و بەم جۆرە لە پەندی پێشیناندا بەکارهاتووە و گوتراوە:

(هەر جێگەیەک پەری هەیە، دێوێکی لەگەڵدا هەیە!)(٢٥)

واتە: لەهەر شوێنێک پیاوێکی چاکی خێرخواز و خزمەتگوزار هەبێ، پیاوخراپ و شەڕخوازیشی لێ پەیدا دەبێ.

**٢- جۆری پێچەوانەیی:**

ئەم پەیوەندییە لە بەراوردکردنی گەلێ وشەی وەکو (چاک) و (خراپ)، (گەورە و بچووک)، (کۆن)و

(تازە) و دەیان جووت وشەی دیکەدا دەردەکەوێ. پەیوەندیی پێچەوانەیی بەوە لە پەیوەندیی جیاوازیی جودا دەکەینەوە کە پلەدارە، مەبەست لە (پلەداریی)ش، ئەوەیە کە دوو وشە دژ واتاکە بەراورد دەکرێن، بۆ نموونە ئەگەر بڵێین (ئازاد لە نەوزاد گەورەترە)و (نەسرین لە نەخشین بچووکترە) لێرەدا پلەی بەراوردیی Comparativedegr (گەورەتر) لە گەورە و (بچووکتر) لە بچووکمان وەرگرت. لە رووییێکی دیکەشەوە وشەی دژ واتای پێچەوانە بەوە لە وشەی دژ واتای جیاواز جودا دەکرێتەوە، کە ئەگەر لە دژ واتاییدا یەک لە وشەکان رەت بکەینەوە، مانای ئەوە نییە کە دژەکەیان پەسند کردووە.(٢٦)
بۆ نموونە: کە دەڵێین، (رزگار پیاوێکی ئازا نییە) لێرەدا مەرج نییە ترسنۆک بێ، بەواتایەکی تر، وشەی دژ واتای پێچەوانەیی خۆیان جەمسەرەکان دەگرن، بەڵام لەنێوانیاندا پلەی تر هەیە. لەبەر ئەمە کە یەکێکمان هەڵبژارد، ئەوا ناچار نابین تاکەکەی تر هەڵبژێرین، بەڵکو دەتوانین پەنا بەرین بۆ پلەکانی نێوانیان(٢٧).
بۆ ئەم جۆرە پێچەوانەییە لە دژایەتی واتای وشە گەلێک نموونەمان لە پەندی پێشینانی کوردی لەبەر دەستدایە، کە ئەم پەیوەندییەی نێوانیان بەجوانی بنوێنن وەکو ئەمانەی خوارەوە:
**١- چاک و خراپ:**
ئەم دوو وشە دژ بەیەکە لەگەڵ پەندی کوردیدا بەکارهاتووەن، لەوانە پێشینان گوتوویانە (پیاو کە زۆری وت (چاک)یش دەڵێ و (خراپ)یش دەڵێ(٢٨)).
لە هەندی پەندی دیکەشدا دەگوترێ (بەدیمەن چاک، بەگوفتار خراپ)(٢٩). بە یەکێکی دیمەن چاکی دەم شڕ دەگوترێ، هەندێ جاریش لە جیاتی (خراپ) وشەی (بەد) بەکاردێت، هەروەک پیرەمێردی شاعیر بەم جۆرەی خوارەوە لە پەندێکیدا هۆنیوەتەوە و گوتوویەتی:
قسەی (چاک) زەحمەت ئەگاتە جێی خۆی
واتەی (بەد) زۆر کەس پۆستەچییە بۆی!(٣٠)
هەندێ جاریش لە جیاتی چاک (باش) بەکاردێ و دەبێتە (باش) و (خراپ) و دەگوترێ (برادەری باش لە خزمەکی خراپ چێترە)(٣١) یان دەگوترێ شێت باشە، شێتە زا خراپە)(٣٢). چونکە هەر چۆنێک بێ تۆ لەگەڵ یەکێکی کە زۆر شێت نەبێ هەڵدەکەی، بەڵام لەگەڵ منداڵ و نەوەی ئەو شێتە زۆر زەحمەتە هەڵبکەی.
**٢- راست و درۆ:**
پێشینان بەم جۆرە ئەم دوو وشە دژ بەیەکەیان بەکارهێناوە و گووتوویانە:
(قسەی راست بەردە، راستگۆیە درۆ بەردە)(٣٣) یان گوتراوە: (دنیا بە درۆ، قیامەت بەراست)(٣٤) واتە: ئەگەر دنیا بەدرۆ بچێتە سەر ئەوا قیامەت هەرگیز بەدرۆ ناچێتە سەر و هەر راستی بەکەڵکە و جێی خۆی دەگرێ.
لە دەڤەری بادیناندا ئەم پەندەی خوارەوە لەسەر راست و درۆ هەیە: (نان و ماست ئێستا بەراست، نان و فرۆ تێشتا ب درۆ)(٣٥) مەبەستی ئەوەیە نان و ماست خواردنێکی چاک و بەهێزو راست، بەڵام نان و فرۆ چونکە وەکو نان و ماست بەهێز نین، بۆیە خواردنێکی درۆو بێ هێزە.
**٣- زیندوو و مردوو:**
ئەم جووت وشە دژ بەیەکە بەم جۆرە لە پەندی کوردیدا خۆیان نواندووە:
(مردوو و زیندوو بەئاو پاک دەبێتەوە)(٣٦) و هەمان پەند لە کرمانجی سەروودا هەیە و بەم جۆرە دەگوترێ (مری و زندی ب ئاڤێ پاقژ دبن)(٣٧).
هەروەها لە بارەی ئەم دوو وشەشەوە ئەم پەندە کوردییەش هەیە: (مردووی بەشی زیندوو

خۆرە)(٣٨) و پیرەمێردی شاعیر ئەم پەندەی بەشیعر هۆنیوەتەوە و گووتوویەتی:

مردووم بیستووە بەشی زیندووخۆر
زیندووم نەدیوە خۆی بخاتە گۆڕ!!(٣٩).

**٤- تێرو برسی:**

ئەم دوو وشە دژبەیەکە بەم جۆرە خۆیان لە ناو پەندی پێشیناندا نواندووە و گوتراوە: (تێر ئاگای لە برسی نییە)(٤٠) و هەر ئەم پەندە لە کرمانجی سەروودا بەم جۆرە دەگوترێ (تێر خاری هاژیێ برسی نینە)(٤١) واتە: ئەوەی تێری خواردبێ ئاگای لە برسی نییە. پیرەمێردی شاعیریش بەم جۆرە بەشیعر ئەم پەندەی داڕشتووە:

پیاوی تێر ئاگای لە برسی نییە
بەماڵ ئەخورێ هیچ ترسی نییە!(٤٢)

لە بارەی زگ تێریشەوە گوتراوە (زگەکی تێر های ژیی هەزارێن برسی)(٤٣) یاخود دەگوترێ (زگی تێر های ژیی برچی نینە)(٤٤)

**٥- فەقیرو دەوڵەمەند.**

ئەم دوو وشە دژ بەیەکە بەم جۆرە خۆیان لەناو پەندی پێشیناندا نواندووە. (دەوڵەمەند پیرۆزت بێ، فەقیر لە کوێت بوو)(٤٥) یان دەگوترێ (دەوڵەمەند نابێتە میهڤانێ فەقیرا)(٤٦) لەناو کوردەکانی قەفقاسیش هەمان پەند هەیە و بەم جۆرە دەگوترێ: (دەوڵەمەند ناچە ماڵا کەسیبان میڤانی)(٤٧)واتە: پیاوی دەوڵەمەند بەمیوانی ناچێتە ماڵی هەژاران و لەم دەڤەرەشدا دەگوترێ (تمایی ژ دەوڵەمەندانە و مەردیێ ژ کەسیبانە) (٤٨) واتە، تەماحی لە دەوڵەمەندانەو مەردایەتیش لە هەژارانە.

**٦- گەورە و بچووک:**

ئەم دوو وشە دژ بەیەکە بەم جۆرە لە پەندی کوردیدا خۆیان نواندووە و گوتراوە (گەورە ئاوێ دەرژێنێ، گچکە پێی لێ دەخشێنێ)(٤٩) یاخود دەگوترێ (گەورە دەڵێن لە خانان، گچکە دەگێڕنەوە لە بانان)(٥٠) هەندێ جاریش لە جیاتی گەورە وشەی (زل) بەکاردێ و دەگوترێ: (کاری زل بەبچووک مەسپێرە)(٥١) لە کرمانجی سەروودا لە جیاتی (گەورە)و (زل) وشەی (مەزن) بەکاردێ و دەگوترێ، (سەر مەزنا پێ بچوویک خوزیێت ئەوی ماڵا تو تێدا دبیە بویک)(٥٢) چونکە بۆ ئافرەت سەری گەورە و پێ بچووک پێوانەی پەسندییە و دەڵێن ئافرەتی پێ بچووک ئاقل و سەر بەرزقە!

**٧- رەش و سپی:**

ئەم دوو وشە دژ بەیەکە بەم جۆرە لەناو پەندی پێشیناندا خۆیان نواندووەو گوتراوە: (مریشکی رەشە و هێلکەی سپی ئەکا)(٥٣) رەش رەمزی تاریکی و ناخۆشی و خراپەیە و سپیش رەمزی رووناکی و پاکی و چاکەیە، مەبەستی پەندەکەش ئەوە: زۆرجار وادەبێ یەکێکی خراپ و بەد، رۆڵەیەکی باش و خێرخوازی لێ ببێ و ئەم دوو رەنگەش لە پەندی دیکەدا بەم جۆرە خۆیان نواندووە و دەگوترێ:

(ماڵی سپی بۆ رۆژی رەش)(٥٤) یاخود سپییەکە دەبێتە (چەرمگ) کە هاو واتایەتی و دەگوترێ: (پارەی چەرمگ بۆ رۆژی رەش)(٥٥) یان چەرمک و سپی دەبنە وشەی گەش و دەگوترێ (ماڵی گەش بۆ رۆژی رەش)(٥٦) مەبەستی پەندەکانیش ئەوەیە پارە لە رۆژی هەبوونی پاشەکەوت بکرێ بۆ رۆژی نەبوونی و گرانی.

٨- تاە و شیرین ئەم دوو وشە دژ بەیەکە لە بواری تام و چێژەوە سەرهەڵدەدەن. پێشینان بەم جۆرەیان بەکارهێناون و گووتویانە: (سەبر تاڵەو بەری شیرینە)(٥٧) یاخود دەگوترێ: (نە هێندە تاڵ بە فرێت بدەن، نە هێندە شیرین بە قووتت بدەن) لە بارەی ئەنجامی درۆشەوە گوتراوە (درۆ شیرینە، بەرەکەی تاڵە)(٥٨) چونکە لەوانەیە درۆ لە

سەرەتادا خۆش بێ، بەڵام ئەنجامەکەی ریسوایی لێ دەکەوێتەوە لە کرمانجی سەروودا وشەی (تاڵ) بە تەحل) گۆ دەکرێ و بەم جۆرە لە پەنددا دەگوترێ: (ئاڤا شیرین د گەل یا (تەحل) چێنابت)(٥٩) واتە: ئاوی شیرین لەگەڵ ئاوی تاڵدا رێک ناکەوێ و بەیەکەوە دروست نابن.

**٩- نزیک و دوور:**

ئەم جووت وشە دژ بەیەکە لە بواری پێوان و ماوەی نێوانی دوو شت بەکاردێت و لە پەندی کوردیدا بەم جۆرە خۆیان نواندووە:

(جیرانی نزیک چێترە ژ برایێ دوویر)(٦٠) واتا: دراوسێیەکی نزیک لە برایەکی دوور باشترە، هەروەها دەگوترێ (خۆشەویستی دوور و نزیکی بۆ نییە)(٦١) یان (رێکا نیزیک نەدە بە یا دوویر)(٦٢) واتە رێگای نزیک و کورت مەدە بە رێگای دوور، تا پێت دەکرێ رێگا کورت کەوە.

**١٠- تەڕو وشک:**

ئەم جووت وشە دژ بەیەکە بەم جۆرە خۆیان لە پەندی پێشینیاندا نواندووە و گوتراوە:

(کە ئاگر کەوتەوە، تەڕو وشک بەیەکەوە دەسووتێ)(٦٣) ئەم پەندە لە کرمانجی سەروودا بەم جۆرە دەگوترێ: (ئەگەر ئاگر بەربوو رێلێ، تەڕو هیشک پێکڤە دسوژن)(٦٤) واتە، ئەگەر ئاگر بەربووە دراستانێک ئەوا تەڕو وشکی پێکەوە دەسووتێن.هەر ئەو پەندە بەم جۆرەش دەگوترێ (ئەگەر ئاگر بەربووە دەخلەکی، دێ تەڕو حشک پێکڤە سوژن)(٦٥) لە پەندەی پێشوودا وشەی (رێل) واتە: دارستان بەکارهات و لەم پەندەی دووایش (دەحل) واتە: باغ جێی گرتەوە. لە دەڤەری بۆتانیش پەندەکە بەم جۆرە دەگوترێ: (ئاگر بگرت رێلێ، تەڕو هشک وێ پێکڤە بشەوطن)(٦٦) کە دەشگەڕێینەوە بۆ کرمانجی خواروو گوێمان لەم پەندە دەبێ: (تەڕی بەوشکەوە سووتاند)(٦٧) هەر لە بارەی تەڕو وشکەوەش دەگوترێ: (نەئەوەندە وشک بە بشکێیت، نە ئەوەندە تەڕبە بگوشرێیت)(٦٨) بۆ ئەو کەسانەی کە گوزەرانیان باش دەسووڕێ گوتراوە (لە تەڕ ئەخواو لە وشک ئەنوێ)(٦٩).

**٣- جۆری تەواوکەریی:**

ئەم جووت ناوانە دەگرێتەوە کە هەریەکەیان تەواوکەری ئەوەکەی تریانە لە پەیوەندییەکەی دژایەتییاندا. واتە: یەکێکیان بەبێ بوونی ئەوەکەی تریان نابێ و لە عەرەبیدا پێی دەگوترێ جۆری (التضايقي) بۆ نموونە: ئەگەر بڵێین (ئازاد کوڕی پیرۆتە) وەک ئەوەیە بڵێین (پیرۆت باوکی ئازادە)، وەک دەبینین لە رستەی یەکەمدا (ئازاد) ناوی یەکەمە و (پیرۆت) ناوی دووەمە، کەچی لە رستەی دووەمدا جێگۆڕکێیان پێکراوە و (پیرۆت) بووە بەناوی یەکەم و (ئازاد) بەناوی دووەم و لەنێوانی هەردوو ناوەکەشدا لە هەردووباراندا وشەی (کوڕ) بەرامبەر بە وشەی (باوک) داندراوە و هەردووکیان لە مەسەلەی (باوک) و کوڕایەتیدا بوونەتە تەواوکەی یەکتری لێرەدا دەتوانین گەلێک ناوی وەکو (مام و برازا) و (خاڵ و خوارزا) و (بووک و خەسوو) و (ژن و مێرد) و (باپیرو نەوە)... و گەلێ نموونەی دیکە لەم جۆرە پەیوەندییەی دژایەتی لە واتای وشەدا بێنینەوە، نەک هەر لە بواری ناو بەڵکو لە بواری (کار) و (چاوگ)یشەوە دەستنیشانیان بکەین وەک (کڕین) و (فرۆشتن) و (دان)و (ستان)... هتد.

بۆ زیاتر روونکردنەوە با سەرنجێک بدەینە ئەم دوو رستەیەی خوارەوە:

(سامان کتێبەکەی لە سروە کڕی)، (سروە کتێبەکەی بە سامان فرۆشت). دەبینین واتا و مەبەستی هەردوو رستەکە یەکن، بەپاش و پێشخستنی ناوەکانی سامان و سروە چ لە

مـاناکـەیان نەگـۆڕاوە، تەنیـا ئەوە نەبێ لە جـاری یەکـەمـدا کـاری (کـڕی) بەکـارهاتووە و لە جـاری دووەمـیشـدا (فرۆشت) جێی گرتۆتەوە و بەهەردوو کاری (فرۆشت و کڕی) مامەڵەکەی نێوانی سامان و سـروە جـێـبـەجێ بووە، کـەواتە وشـەی (کـڕی) تەواوکەی وشەی (فرۆشت)ە لە پەیوەندییەکەدا بۆ نموونـەی (ناو)یش بـا ســــەرنج بدەینـە ئەم دوو رستەیەی خوارەوە:

(گــوڵـیــزار ژنی نەوزادە)و (نەوزاد مــێــردی گولیزارە)(٧٠) بە پاش و پێشخستنی (گوڵیزار) و (نەوزاد)، وشـەکـانی (ژن) و (مـێـرد) بوون بە تەواوکـــەری یەکـــتـری لە پەیوەندیی دژایەتی واتایاندا.(٧١)

لێـرەدا هەندێ نموونەی ئەم جـۆرە پەیوەندییـــەی تەواوکەریی لە دژایەتی واتادا لە پەندی پێشینانی کوردیدا دێنینەوە، وەک لە مانەی خوارەوە:

**١- ژن و مێرد:**

ئەم جـووت وشـەیە بەجـۆرێکی سخ و پڕ خـۆیان لە پەندی پێـشــینانـدا نواندووە و لەوانە گـوتراوە: (گـــڵـی ژن و مـــێــــرد لە گلنجــــانێک هەڵئەکەندرێ)(٧٢).

مەبەست لەوەیە کە دەبێ سروشت و تەبیاتی ژن و مـێـرد لە یەکـەوە نزیک بن تاکـو بەتەبایی لەگـەڵ یەکتریدا بژین.

لە بارەی پەیوەندیی پتـەوی نێـوان ژن و مـێـرددا گـوتراوە: (ژن و مـێـرد، تەڤـرو بێـر)(٧٣) واتە: تەنیا پاچ و بێڵی گۆڕ هەڵکەندن ژن مێرد لە یەک دەکەن بۆ مەسەلەی چۆنیەتی پەسندکردنی مێرد لەلایەن ژنەوە گوتراوە: (ژن دەڵێ: مێردم کوڕبێ، با خواردنم قوڕ بێ)(٧٤)

لە بارەی دەوری ژن و پیـاو (مـێـرد)ەوە لەناو خێزاندا گوتراوە: پیاو جۆگەیە، ژن بناوانە)(٧٥) واتە: پیـاو گـەر وەک جـۆگـە ئاوێک بێ، ئەوا ژن سەرچاوەکەیەتی و دەوری لە خێزاندا گەورەترە. لە بارەی پەیوەندیی و پێویستی ژن بەمێردییەوە، ئەم پەندانە گـوتراون: (ژنا بێ مـێـر وەکی رەزی بێ خودانە)(٧٦). واتە: ژنی بێ مێرد وەکو باخێکی بێ خـاوەنە. یان دەگوترێ: (ژنا بێ مێر هەژارە لە بەردەران)(٧٧) واتە: ژنی بێ مێر وەکو هەژار و سـوالکەری بەر دەرکـانە. لە بارەی ژن و مـێـردی خراپیـشـەوە گوتراوە: (ژنا خراپ بەردە، مێردی خراپ دەردە)(٧٨)

لە بارەی کاروکـردەوەی ژن و مێردیشـەوە گوتراوە: (ئەگـەر مـێـردە ئەگـەر ژنە، شـەرتی بەخۆکـەوتنە) (٧٩) واتە: چ مـــێـــرد (پیـــاو) و چ ژنە، بەراپەڕاندنی ئەرک و کـاروباری سـەرشـانیـان بەدەردەکەون.

**٢- بووک و خەسوو:**

دوو ناوی دژ بەیەکن لە جۆری تەواوکەریی و کاتێ کـە دەڵـێین: (نەسرین بووکی نەخشـینـە) دەتوانین ئەم رســتـەیە هەڵگـێـڕینەوە و بڵـێین: (نەخـشین خەسـووری نەسرینە) بەو پاش و پێـشـخـسـتنەی ناوەکـانی (نەسـرین) و (نەخـشین) بینیـمـان ناوەکـانی (بووک) و (خەسـوو) وەک دوو ناوی دژ واتای تەواوکەریی بەرامبەر بەیەکتر وەستان.

پێشینان لە بارەی بووک و خەسووەوە گوتوویانە: (بووکێ لەگەڵ تۆمە، خەسوو گوێت لێ بێ) ئەمە یەکـێک دەیلـێ کـە قسـە لەگـەڵ یەکـێک بکات و مـەبەسـتی یەکـێکی دیکە بێ. یاخـود دەگـوترێ: (ئەرێ خەسوو قەت بووک نەبوویی؟)(٨١)

**٣- باوک و کوڕ:**

ئەم دوو ناوە بەبەر جۆری پەیوەندیی بەراوردکاریی دژایەتی واتای وشـە دەکـەون. ئەگـەر دوو نێـرینە بەرامـبـەر یەکـتـر وەسـتـابوون، یەک بە تەمـەن و یەکێکیش کـەم تەمەن، کە لە بچووکەکەیان پرسی ئەو پیاوەی لەگەڵتدایە کێیە؟

ئەگەر گوتی: باوکمە، دیارە ئەمیش کوڕیەتی.
ئەم دوو ناوە بەم جۆرە لە پەندی پێشینانەدا بەکارهاتوون و گوتراوە:
(کوڕی بابی خۆیەتی)(٨٢). بەکەسێک دەگوترێ کە لە چاکی و خراپی چووبێتەوە سەر باوکی.
هەروەها لە بارەی باوک و کوڕەوە گوتراوە:
(دوژمنی بابێ نابت دۆستی کوڕێ)(٨٣) واتە: دوژمنی باوک هەرگیز نابێتە دۆستی کوڕەکەی.

**٤- دایک و کچ:**

ئەم دوو وشەیە لە جۆری پەیوەندیی تەواوکەریی، خۆیان لە پەندی پێشینان و زمانی ئاخاوتندا دەنوێنن و دەگوترێ: (بەختی دایک، جیازی کچە)(٨٤) یاخود بەم شێوەیەش دەگوترێ (بەختی داکان جیازی کچان)(٨٥) مەبەست لەوەیە کە دایک بەبەخت بوو، ئەوا کچەکەیشی بەبەخت دەبێ. هەروەها گوتراوە: (دایە ببینە و دوێتە بخوازە)(٨٦) واتە، کە دایک ئاقڵ و بەرەوشت بوو، کچەکەیشی ئاقل و دانا دەبێ، کە زانیت دایک تەواوە، ئەوسا کچەکەی بخوازە.

**٥- (خاڵ و خوارزا) و (مام و برازا):**

پێشینان بەم جۆرە ئەم جووت وشانەیان لە پەندی کوردیدا بەکارهێناوە و گووتوویانە:
(خالان خوارزا مەزن کرد، مامان برازا بزر کرد)(٨٧) هەر هەمان پەند لە دەڤەری بادیناندا بەم شێوەیە دەگوترێ: (خالان خوارزا راکرن،ماما برازا ئاخ کرن) لە دەڤەری (بۆتان)یشدا بەم جۆرە دەگوترێ: (خالا خوارزا راکرن، ماما برازێونداکرن).(٨٩)

**پەراوێزەکان**

١- د. ئاورەحمان حاجی مارف - وشەی زمانی کوردی - بەغدا ١٩٧٥، ل٢٣.
٢- شێخ محەمەدی خاڵ - پەندی پێشینان - چ (٢) بەغدا ١٩٧١، ل٢٢٢.
٣- ئەحمەد قەرەنی - کانی - بەغدا ١٩٨٥، ل٥٣.
٤- خاڵ، ل٤٤٤ .
٥- ئەحمەد قەرەنی - کانی - ل٢١.
٦- خاڵ، ل ٢٠٨.
٧- یادداشتەکانی مەیجەر نوئێل لە کوردستان - وەرگێڕانی حوسێن ئەحمەد جاف - بەغدا ١٩٨٤، ل١٦٩.
٨- د. محەمەد مەعروف فەتاح - زمانەوانی - بۆ بەشی کوردی کۆلێجی ئاداب - زانکۆی سەلاحەدین - بۆ پۆلی چوارەم، ل١١٧.
٩- خاڵ، ل٣٠٢.
١٠- مەلا مەحموودی دێرشەوی - مشتاخا چیا ژ گوتنێت پێشیا - بەغدا ١٩٨٠، ل٢٠٢.
١١- خاڵ، ل٢٦٤.
١٢- د. شوکریە رەسوول - پەندی پێشینان وشەی نەستەقی کوردی - بەغدا ١٩٨٤، ل٤٤.
١٣- حجی جەعفەر - گوتنێت مەزنان - بەغدا ١٩٨٦، ل١٩.
١٤- خاڵ - پەندی پێشینان، ل٣٣١.
١٥- هەمان سەرچاوە، ل٣٢٦.
١٦- سەفیراز عەلی نەقشبەندی - دلینی - بەغدا ١٩٨٦، ل٦٧.
١٧- عومەر شێخەڵلا - پەندی کوردی - ب(١)، ل٦٨.
١٨- خاڵ، ل٥٢.
١٩- خاڵ، ل٢١٨.
٢٠- عەلی مەعروف شارەزووری - پەندی پێشینانی کورد - بەغدا ١٩٨١، ل٥٤.
٢١- حجی جەعفەر - گوتنێت مەزنان، ل٥٤

٢٢- خاڵ، ل٥٢.
٢٣- خاڵ، ل٣٨١.
٢٤- حجی جەعفەر، ل٣٤.
٢٥- خاڵ، ل٤٧٨.
٢٦- محەمەد مەعروف قەتاح- سەرچاوەی پێشوو، ل١٧٧.
٢٨- هەمان سەرچاوە، ل,١٣٨
٢٩- عومەر شێخەڵلا - سەرچاوەی پێشوو - ب٣، ل٣٨.
٣٠- کاکەی فەللاح لەپەندەکانی پیرەمێرد - ب(٢) ل٢٠.
٣١- عومەر شێخەڵلا - سەرچاوەی پێشوو - ب(١) ل: ٨٢.
٣٢- خاڵ، ل٣٠١.
٣٣- خاڵ، ل٢١٣.
٣٤- خاڵ، ل٢١٨.
٣٥- ئەحمەد قەرەنی - کانی - ل: ١١٢.
٣٦- خاڵ، ل٤١٨.
٣٧- حجی جەعفەر - گوتنێت مەزنان - ل١٠٣.
٣٨- خاڵ، ل٤١٨.
٣٩- کاکەی فەللاح - لە پەندەکانی پیرەمێرد، ب(٢)، ل٤١.
٤٠- خاڵ، ل١٦٢.
٤١- پێزانی ئالیخانی - دوو مراوی - ل١٠٦.
٤٢- کاکەی فەللاح - لە پەندەکانی پیرەمێرد، ب(١)، ل١٥٦.
٤٣- حجی جەعفەر - گوتنێت مەزنان - ل٥٩.
٤٤- د. قەنانی کوردۆییف - کۆمەڵە تێکیستی فولکلوری کوردی - بەغدا - ١٩٧١، ل٢٣٦.
٤٥- خاڵ، ل٢٤١.
٤٦- قەرەنی - کانی - ل٥٠.
٤٧- د. قەنانی کورۆوییف - سەرچاوەی پێشوو، ل٢٣٥.
٤٨- هەمان سەرچاوە، ل٢٣٥.
٤٩- عومەر شێخەڵلا - سەرچاوەی پێشوو - ل٦٤، ب٤.
٥٠- هەمان سەرچاوە - ب(١) ل٧٠.
٥١- خاڵ، ل٣٢١.
٥٢- قەرەنی - کانی - سەرچاوەی پێشوو، ل٧١
٥٣- خاڵ، ل٤٢١.
٥٤- خاڵ، ل٤١٥.
٥٥- خاڵ، ل١٣١.
٥٦- خاڵ، ل,٤١٥
٥٧- خاڵ، ل٢٧٣.
٥٨- عومەر شێخەڵلا - پەندی کوردی - ب(١)، ل٤٧.
٥٩- حجی جەعفەر، گوتنێن مەزنان - ل١٢.
٦٠- هەمان سەرچاوە، ل٣٣.
٦١- خاڵ، ل٧٦.
٦٢- ئەحمەد قەرەنی - کانی - ل٦٠.
٦٣- خاڵ، ل٣٣٤.
٦٤- پێزانی ئالیخانی - دوو مراوی - ل٥٧.
٦٥- قەرەنی - کانی - ل١٥.
٦٦- دێرشەوی - مشتاخچیا، ل٦.
٦٧- شوکری فەزلی - پەندی کوردی - گۆڤاری رۆشنبیری نوێ - ژمارە (١١٢). بەغدا ١٩٨٦ - وەرگێڕانی ئازاد عەبدولواحید: ل٨٩.
٦٨- خاڵ، ل٤٤٨.
٦٩- خاڵ، ل٣٨٩.
٧٠- محەمەد مەعروف فەتاح - زمانەوانی - ل١٧٩.
٧١- هەمان سەرچاوە، ل١٨٠.
٧٢- خاڵ، ل٣٦٦.
٧٣- یادداشتەکانی مەیجەر نوئێل لە کوردستان، ١٧٧.
٧٤- لە دەماودەم لە کۆیە وەرگیراوە.

٧٥- عومەر شێخەللا - سەرچاوەی پێشوو، ب(٢) ل١٣١.
٧٦- پێزانی ئالی خانی - دوو مراوی - ل٨٤.
٧٧-قەرەنی - کانی - ل٦٥.
٧٨- هەمان سەرچاوە، ل٦٦.
٧٩- عومەر شێخەڵلا - پەندی کوردی - ب٢، ل١١٧.
٨٠- خاڵ، ل٩٠.
٨١- عومەر شێخەللا - پەندی کوردی - ب(٢) ل١١٧.
٨٢- خاڵ، ل٣٣٢.
٨٣- دێرشەوی - مشتاخا چیا، ل١٠٦.
٨٤- خاڵ، ل١٠٥.
٨٥- دەماودەم لە کۆیە وەرگیراوە.
٨٦- خاڵ، ل٢١١.
٨٧- عومەر شێخەللا - پەندی کوردی ب٤ ل ٨٥.
٨٨- حجی جەعفەر - گوتنێت مەزنان - ل٤٥.
٨٩- دێرشەوی - مشتاخاچیا - ل,٩٣

**سەرچاوەکان:**
١- د. محەمەد مەعرووف فەتاح - زمانەوانی - بۆ پۆلی چوارەمی بەشی کوردی کۆلیجی ئادابی زانکۆی سەلاحەددین - هەولێر ١٩٨٨.
٢- د. ئاورەحمانی حاجی مارف، وشەی زمانی کوردی - بەغدا ١٩٧٥.
٣- د. شوکریە رەسول - پەندی پێشینان و قسەی نەستەفی کوردی - بەغدا ١٩٨٣.
٤- د. قەناتی کوردییف - کۆمەڵە تێکستی فۆلکلۆری کوردی - بەغدا ١٩٧٦.
٥- یادداشتەکانی مەیجەر نوئێل لە کوردستان - وەرگێڕانی حوسێن ئەحمەد جاف، بەغدا ١٩٨٤.
٦- شێخ محەمەدی خاڵ - پەندی پێشینان - چ (٢) بەغدا ١٩٧٦.
٧- مەلا مەحموودی دێرشەوی - مشتاخا چیا ژ گوتنێت پێشیا - بەغدا ١٩٨٠.
٨- عومەر شێخەللا دەشتەکی - پەندی کوردی ١٩٧٢، ١٩٧٤ هەولێر.
٩- ئەحمەد قەرەنی - کانی - بەغدا ١٩٨٥.
١٠- حجی جەعفەر - گوتنێت مەزنان - بەغدا ١٩٨٦.
١١- پێزانی ئالیخانی - دوو مراوی..
١٢- عەلی مەعرووف شارەزووری - پەندی پێشینانی کورد، بەغدا ١٩٨١.
١٣- کاکەی فەللاح - لە پەندەکانی پیرەمێرد - بەرگی (١-٤).
١٤- سەرفیراز عەلی نەقشبەندی - دلینی - بەغدا ١٩٨٦.
١٥- شوکری فەزلی - پەندی کوردی - گۆڤاری رۆشنبیری نوێ - ژمارە ١١٢ بەغدا ١٩٨٦ وەرگێڕانی ئازاد عەبدولواحید.